# بەرەو سەنترالیزمبوونی ڕاگەیاندنە کوردییەکان



هەڵەت هەمەوەندی

ڕاگەیاندن وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی باو، پێگە و کاریگەری زۆری لەسەر ناوەندی زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەیە، بە جۆرێک کە کاریگەریی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی زۆرجار پێگەیەکی وا بڵندگۆ داگیر دەکەن کە لە سنووردانان، گۆڕین، شڵەژان، ئاساییکرنەوە، تێکدان و ئارامکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیدا جڵەوی مەیدانەکەیان لەدەستدایە، جگە لەمەش چۆنێتیی مەودای ڕاگەیاندن وا تێکەڵاوی ژیانی خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی بووە، کە زۆر بابەتی شاراوە هەیە چیدی ڕووبەری ئاشکرابوون و بڵاوبوونەوە دەبن لە نێوەندی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، کە ئەمەش توندوتۆڵی و بەهێزیی کاریگەریی ئامرازەکانی میدیا، ئەوە بەسەر دەسەڵاتدا دەسەلمێنن کە (ئەوان بەشێکن لە کۆمەڵگا و کۆمەڵگاش بەشێکە لەوان)، بۆیە دەرگای زۆر شتی شاراوەی ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی بۆ کۆمەڵگا واڵا بووە. هەڵبەتە ئەم حاڵەتەش لەناو پەرلەمانی بریتانیاییدا، یا لەناو کۆشکی سپیی ئەمریکادا، زۆر بەڕوونی دەبینرێت. بۆ نموونە، بەهێزیی سنووری دەسەڵاتی ڕاگەیاندنەکانی بریتانیا لە سەرەتای مانگی یەکی ئەمساڵدا وایکرد کە سەرۆکی یەکێک لە پارتە سەرەکییەکانی وڵاتەکە دەست لە کار بکێشێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە (چارلس کەنەدی)ی سەرۆکی لیبراڵ-دیموکرات زیاتر پەیوەست بوو بە خواردنەوەی ئالکهولەوە، بۆیە دەسگا ڕاگەیاندنەکانی (BBC) کاریگەرییەکی وایان دروست کرد کە لە ماوەی دوو ڕۆژدا زۆربەی ئەندامانی پارتەکەی لێ هەڵبگێڕنەوە و ئەویش ناچار دەستی لە کار کێشایەوە.

ئەمە و چەندەها نموونەی تری وەکو ئەوەی کە ڕاگەیاندن دەوری هەبوو لە سەرخستنی (دەیڤد کامیرۆن) و لابردنی (مایکڵ هاورد)ی سەرۆکی پارتیی پارێزگارانی بریتانیا. لە لایەکی ترەوە ڕووداوی (مۆنیکا و کلینتۆن) لە ئەمریکا، بینرا ڕاگەیاندنەکانی (CIN) چ دەورێکیان هەبوو لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و فاشەکردنی کلینتۆن کە ئەمەش زۆری لە بەهای سیاسی و کەسایەتیی کلینتۆن کەم کردەوە.

ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە، ئەگەر سەرنجی کەناڵە ئاسمانییەکانی وەکو (الجزیرە) و (العربیە) و (ANN) بدەین لە بەدواداچوون و ڕوونکردنەوەی هەواڵە جیهانی و ئیقلیمییەکان بەئاگان و تا ڕادەیەکی زۆر کارئاسانی بۆ بینەر و بیستەر دەکەن لە ڕووی بەدەستگەیشتنی زانیاریی پێویست و پەیوەست بە هەر هەواڵێک.

ئەوەی کە لێرەدا جێگای سەرنج و تێڕوانین و لێکدانەوەی باری ماسمیدیای کوردییە ئەوەیە کە بەرژەوەندیی تاکەکەس و حیزب و سەنتەرکردنی دەسەڵاتی ڕەها و فراوانیی ڕاگەیاندن کارێکی زۆر نێگەتیڤانەی کردۆتە سەر ڕاگەیاندنی کوردی، بە جۆرێک کە ڕاگەیاندنەکانمان تووشی تێکچوون و چەقین و پاشەکشە بوون.

هێنانەوەی نموونەکانی سەرەوە بە مەبەستی بەراوردکردن نەبوو لەگەڵ میدیای کوردیدا، بەڵکو داماوی و لێقەوماوی ڕاگەیاندنە کوردییەکان جوانتر دەردەخەن، چونکە غەریزەی دەسەڵات لە کوردستاندا دیاردەیەکی وای خولْقاندووە کە هەرچی جۆری لیبرالی و سەربەخۆییە لە ڕاگەیاندنی کوردیدا بەدی ناکرێت و ئەوەی لە پرەنسیپی ئەو هزرە تایبەتییەی لە دەسەڵاتە سیاسی و حیزبییەکەش دەچێتە دەر، دزێو و نابوون دەبێت.

(جۆن لۆک)ی گەورەزانا و فەیلەسووفی بریتانیایی، لە سەدەکانی شانزەدا باس لە تیۆریی ئازادیی دەربڕین دەکات کە سەرچاوە و چەمکی لیبرالی وا دەخاتە ڕوو کە گەل سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکە، کەواتە هەر دەسەڵات و حکوومەت و گرووپ و حیزبێک هیچی لەوە زیاتر نییە کە وەسیلەیەک بێت بۆ نوێنەرایەتیی کۆمەڵگا و تاکەکانی. بە واتایەکی تر، گەل کە سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێک بێت، دەتوانێت متمانەی خۆی زۆر سەربەستانە و ئازادانە لەبەر هەر هۆکارێک بێت لەو حکوومەت و حیزب و دەسەڵاتە بسەنێتەوە کە پێشتر کردویەتی بە نوێنەری خۆی. لەو ڕوانگەیەوە کە مرۆڤ گەورەترین سەرمایە بێت و سەرچاوەی هەموو بڕیارێک لەناو تاکەکانی کۆمەڵگا و خودی کۆمەڵگاوە سەر هەڵبدات و ڕێچکە بگرێت، تاکەکانی ناو کۆمەڵگاش خاوەنی هەموو سەربەستییەکی تەواو بن، بێ پەرژین و چوارچێوە و قاڵب بۆ ئازادییەکانی تاکەکەس، ئا لەو کاتەدا هەموو بیروڕاکان ئازاد دەبن و لیبرالیزم دەبێتە سیمایەکی سەردەم بۆ هەموو بوارەکان، لەوانەش ڕاگەیاندنی لیبراڵە کە ئەمەش پێویستی بە هەندێک سەرنج هەیە لە ڕووی:

١- سەنترالیزم: واتە چاوبەستنی تاک و کۆمەڵ و زەوتکردنی ئیرادەکانیان، بۆیە لێرەوە بە ناوەندیکردنی بڕیار و دەسەڵاتەکان دێتە پێشەوە، وەکو ئەوەی کە دەیبینین کەناڵە کوردییەکان تەنیا میانڕەوی و حکم لەلایەن چەند کەسێکەوە دەکرێن، تەنانەت زۆرجار حیزب و حکوومەتیش دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە، ئا ئەمە دیاردەیەکی زۆر سەیرە! چونکە تەنانەت لەناو حیزبەکەی خۆیشیدا چەند کەسێک لەبەر ئەوەی فلان حەز بە چارەی ناکات، نابێت چالاکی و کارەکانی بڵاو بکرێنەوە لەلایەن ڕاگەیاندنەکانەوە! بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، چونکە فلان خاوەندەسەڵاتە و پارەی حیزبی لەژێردەستدایە، ئەگەر بە ڕێکەوتیش چوو بۆ قاوەخانەیەک دەبێت لە کەناڵەکاندا بکرێت بە هەڵڵا! بۆیە ڕاگەیاندنی کوردی تا لەم بەزم و ڕەزمە نەجاتی نەبێت، لیبرالیبوون و مافی تاکەکەس هەرگیزاو هەرگیز نابینرێت.

٢- سانسۆر: واتە چاودێری و سیخوڕی و

لەقاڵبدان و دانانی چوارچێوەی سنوور بۆ هەموو بوارێکی میدیای ئازاد، بۆ هەموو ئازادییەکانی بیروڕا و هەست و شێوەی هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوە، واتە چاودێریی عەقڵ و هزر، واتە زەوتکردنی سەربەستی لە نووسین و هەتا شێوازی داڕشتن و بیرکردنەوە و داهێنان دەگرێتەوە. کە زۆرجاریش هەڕەشەی کوشتن و قاتوقڕی لە بەرانبەر ڕۆژنامەنووساندا دەبینرێت، ئەگەر بێت و پەیامی حیزب بەباشی نەگەیەنێت و دژ بە بەرژەوەندیی حیزب و چەند کەسانێکی دەسەڵاتدار بنووسێت! بۆیە ئەمانە هەموویان دژی مرۆڤایەتی و سەربەستیی تاک و کۆمەڵن و ڕێگریشن لە هێنانە ئارای میدیای ئازاددا.




٣- سەربەخۆیی ئابووری: گرنگترین کاریگەرە لە مەیدانی ڕاگەیاندندا، چونکە هەموو ڕاگەیاندنەکانمان بەرهەم و زادەی حیزبن، حیزیش ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی خۆی هەیە و کاری بۆ دەکات، بۆیە هەتا کۆمپانیای ئەهلیی ئازاد لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا نەیەتە کایەوە، ئەوا پلەوپایەی ماسمیدیای کوردی هەروا بە شەلەلی دەمێنێتەوە، کە ئەم ڕزگاربوونەش پێویستی بە توانایەکی ئابووریی باش هەیە کە پێموایە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت عەقلیەتێکی دیموکراتی هەبێت بۆ حوکمکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژەکە، بۆیە میدیا تا سەربەخۆ نەبێت، ئازادیش نابێت، کە سەربەخۆیی ئابووری خاڵێکی گرنگە لەم لایەنەوە.

٤- کادیری ئازاد و کارمەندی کارا: زۆر بەداخەوە دەڵێم دەگمەنن ئەوانەی کە عەقلیان ئازادە و بوێرانە و چاونەترسانە بێ پاساو بۆ ڕاوبۆچوونەکانیان و بێ گوێدانە هێڵی پاشەکشە و بێ مسۆگەرکردن پاراستنی خودی کادێر خۆی و بەرژەوەندییەکان کار دەکەن. تەنانەت هەندێک کادێر و نووسەری وا ئازامان بینی کە ڕەخنە و گازندە و بیروبۆچوونەکانی زۆر بەئازایانە دەردەبڕی، بەڵام لە کەفوکونێکدا هەر کە لەگەڵ ئەوەی کرا بە بەڕێوەبەری گشتی یا وەزیر!!!!! گەڵبیان کرد و ئیدی سەرجەم نووسینەکانیان و بیروڕاکانیان لە یەک خاڵدا کۆ بووەوە کە ئەویش بەرهەڵستکاری ئەو بیروڕایانە بوو کە پێشتر خۆیان دەریانبڕیبوو (پێش وەزیری)!!!!

لەبەر ئەوە ئەگەر بێت و بمانەوێت لە دیاردەی سەنترالیزم ڕزگارمان بێت و ڕاگەیاندنێکی ئازد و لیبرال بێتە کایەوە، ئەوا نابێت ڕێگا بدرێت دیاردەی بەرتیل و دەمچەورکردن و کڕینی ویژدانی کادێر و کارمەندانی دەسگاکانی میدیا و نووسەران سەر هەڵبدەن و بە فیتی ئەم یا ئەو کەسی دەسەڵاتدار یا ئەو حیزب یا ئەو گرووپ، میدیای ئازاد چۆکی پێ دابرێت.

لایەنێکی تری گرنگ کە پەیوەندی بە کەسایەتی و توانا و بەهرە و سەلیقەی کادێرەوە هەیە، دیاردەی دەستەوەستانی و چاوەڕوانییە لە کاری ڕاگەیاندنی کوردیدا، بە جۆرێک کە دەتوانرێت بوترێت کە ئەو ڕاگەیاندنە داهێنانی نییە، بەڵکو




ڕاگەیاندنی کوردی زیاتر ڕاگەیاندێکی حازربەدەستە، نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە زۆرجار ڕووداوێک لە شارێک لە شارەکانی کوردستان یان عیراق ڕوو دەدات، کەناڵە کوردییەکان پوختەی باسوخواسەکە لە کەناڵە بیانییەکانەوە وەردەگرن! بۆ نموونە، دەستگیرکردنی تاوانباران (دیکتاتۆر سەدام حوسێن و تەها یاسین ڕەمەزان)، تاکە لایەن کە زۆر لەنزیکەوە ئاگاداری دەستگیرکردنیان بوو لایەنی کوردی بوو، بەلام بڵاوکردنەوەی هەواڵی گرتنەکەیان لە زاری کەناڵە بیانییەکانەوە بیسترا و ئەمجاش کەناڵە کوردییەکان زاتی ئەوەیانکرد و بە حازر و بزری، تەنیا تەرجەمەی وشەکانیان لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە کرد بە کوردی.

لە لایەکی ترەوە، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوە کەلێنێکی زۆری پێوە دیارە، بۆ پشتگیریی وتەکەشمان، لەکاتێکدا گرووپێکی تیرۆریستی خوێنمژ دەگیرێت یان باندێکی دز دەگیرێت، دەیانهێنن هەندێک دانپێدانانیان بە دەر دەخەن، بەڵام ئیتر پرۆسەکە دوای ئەوە شەلەل دەبێت!!! باشە دوای دانپێدانانەکانی ئەوان دادگا چی وت؟ ئایا پاشماوەی باندەکە گیرا؟ ئایا ژیانی ئێستای ئەوان لە بەندیخانە چۆنە؟ ئایا ماون؟ مردوون؟ چۆن؟ کەی؟ لەکوێ؟ بە چی ڕێگایەک؟ پلانی داهاتووی حکوومەت بۆ خۆپاراستن؟ ئەمانە و سەدان پرسیاری تر کە هێشتا وێڵ و سەرگەردانن و میللەت زۆر پەرۆشی ئاگاداربوونیانە بەڵام (ڕاگەیاندنەکانمان ئاگایان لە مەحمووی بێزەواڵیش نییە)!!

ئەمانە هەموویان بەرپرسیارێتیی بازنە بەرپرسیارەکەیە کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات و زانیاری لەسەر بڵاو بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە بە پێچەوانەوەیە.

لە ڕوویەکی ترەوە کەسێکی وەکو شێخ زانا، تاوانکارێکی وا کەموێنە، دەبووایە چەندین لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیایی و دادوەری لەسەر بکرایە و ڕاستەوخۆ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا پێشان بدرایە، بەڵام (یاشێخ) یەکجار لەسەر شاشە بینرا و ئیتر تەواو، ئایا ماوە یا مردووە؟ حوکم درا؟ لە ئەوروپایە؟ یا لە تەوێڵەیە؟ الله اعلم!




لەمانە هەموویان سەیرتر ئەوەیە کە زۆرجار تەقینەوەیەک ڕوو دەدات، ڕاگەیاندنەکان دەڵێن تەقینەوە بوو ئەوەندە کەس شەهید بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا سەدان کەس گوێی لە دەنگەکە بووە و ئاگاداری ژمارەکەش هەن، ئەوەی کە خەڵک عەوداڵێتی ئەوەیە: ئایا تاوانباران گیران یان کوژران؟ ئایا کێ لە پشتییەوەیەتی؟ بۆ ئەو شوێنە؟ ئامانجیان؟ پێشنیار و شیتەڵکاریی ئێوەی بەرپرس و ستافی ڕۆژنامەوان بۆ ڕووداوەکە چییە؟

ئەمانە و چەندین کەلێن و بارودۆخی تر هەن کە تاکەڕێگا بۆ ڕزگاربوون لێیان ڕزگاربوونە لە بەسەنتەرکردنی دەسگاکانی ڕاگەیاندن و ئازادی و سەربەخۆییە لە دەربڕیندا کە سەرباری ئەوەش والاکردنەوەی دەرگاکان بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و ناردنی کادێر و کارمەند و کەسانی ئامادە بۆ دەورەی ڕاهێنان بۆ دەرەوەی وڵات و هێنانی کەسانی پسپۆر لە دەرەوە بۆ کردنەوەی خولی ڕاهێنان لە کوردستان لەگەڵ برەودان بە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە پەیمانگاکان و کردنەوەی کۆلیژی ڕاگەیاندن لە زانکۆکانی کوردستاندا زمانێکی تری کەمکردنەوەی گرفتەکانی ڕۆژنامەوانین، کە لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە دروستبوونی کۆمپانیای ئەهلیی ئازاد و کارا و دروستبوونی ڕکەبەریی شەریفانەیە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان لایەنێکی تری باشترکردنی پرۆسەکەن.

# مستەفا هیجری: ئەگەر کورد لە کوردستانی عیراقدا بتوانێت سەربەخۆ بێت، توخوا مام جەلال و کاك مەسعود دەچن ئەو هەموو شەڕ و کێشەیە لەگەڵ عەرەبدا بکەن؟

## مەڵبەند ـ کۆیە

وەزعی سیاسی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چاوەڕوانی گۆڕانێکی مەزنە، چونکە لە لایەکەوە فشارێکی نێودەوڵەتی توند بەسەر هەندێ وڵاتانی ناوچەکەوە هەیە، بۆ گۆڕینی سیستەمە دیکتاتوریەکان بۆ دیموکراتیەت. لە لایەکی تریشەوە چەندین قەیرانی نێوخۆییش لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا سەری هەڵداوە و، نارەزایی گەلانی ئەم وڵاتانە رۆژ لە دوای رۆژ پەرە دەسێنێت. ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە کەوتۆتە نێو مەرکەزی گوشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە، کە چاوەڕوان دەکرێت لە ئاییندەیەکی نزیکدا ئامادەیی بکرێت بۆ گۆڕینی ئەو رژێمە سەرکوتکەر و دیکتاتۆرە، بەتایبەتی کە ئەمریکا خەریکە هەڵوێستی خۆی ئاشکرا بکات، تەنانەت راشکاوانەش باس لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی ئێران دەکات، کە ئەوەش وا دەکات هێزەکانی ئێران خۆ ساز بدەن بۆ هەر گۆڕانێکی داهاتوو. بۆیە لە سۆنگەی ئەو گۆڕانکارییانەدا (مەڵبەند) ویستی خوێندنەوەیەکی بیروبۆچوونی سیاسەتمدارانی ئێران لەو بارەیەوە بزانێت، بەتایبەتیش سەرکردایەتیی کورد کە ئەمرۆ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەکو حیزبێکی خاوەن ئەزموونی دوورودرێژ بە دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆ، لە ریزی پێشەوەی حزبە نەیارەکانی رژێمی ئێرانە.

لە دەوروبەری کۆیەدا لەگەڵ کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دواین، سەرەتا ویستمان خوێندنەوەی حزبی دیموکرات و سەرکردایەتیی کورد لە بارەی پێشهاتەکانی ناوچەکە، بزانین.

ئەویش لەوەڵامدا وتی: بێگومان ئێستا ئێران لەژێر فشارێکی نێودەوڵەتیی گەورەدایە، ئەو فشارەش هی ئەمرۆ نییە، بەڵکو دەمێکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خەریکی هێنانەکایەی گۆڕانکارییەکن لە سیستەمی حوکمی کۆماری ئیسلامیدا، پێمان وایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئێران لەگەڵ گوشارە دەرەکی و ناوخۆییەکان کۆماری ئیسلامی چەند هەنگاوێکی گرتۆتە بەر، لەوانەش هەڵبژاردنی خودی ئەحمەدی



مستەفا هیجری

نەژاد بە سەرۆککۆمار کە یەکێکە لە موحافیزکارە توندڕەوەکان. ئەو هەرا و هەڵلایەی ئێستاشیان لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکە، هەوڵێکە بۆ مەشغولکردنی میللەتانی ناوەوە و لەبیربردنەوەی قەیرانە توندەکانی ناوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەبەر رۆشنایی ئەو پێشهاتانەش ئێمە چ لەسەر ئاستی ئۆپۆزسیۆنی ئێران و چ لەسەر ئاستی حزب چەند هەنگاوێکمان ناوە. جارێ لەسەر ئاستی ئۆپۆزسیۆن هەوڵمان داوە تواناکانی گرووپەکانی نێو ئۆپۆزسیۆن یەک بخەین، ئەوە بوو توانیمان بەرەیەکی فراوان پێک بهێنین لە نوێنەرانی کورد و عەرەب و تورکمان و بلوشەکان و ناومان نا (کۆنگرەی فیدراسیۆنی گەلانی ئێران)، ئێستا ئەو کۆنگرەیە چالاکیی سیاسییانە و دیبلۆماسییانەی خۆی لە ئاستی دەرەوەدا بە جێ دەهێنێت، لەسەر ئاستی حزبی دیموکراتیشدا، ئێستا سەرقاڵی چەندین کاری رێکخستنی ناوەوە و دەرەوەین. لەسەر ئاستی ناوەوە، خەریکی رێکخستنی جەماوەری گەلەکەمانین، وەکو خۆشتان دەزانن ئێمە خەباتی نهێنی دەکەین لە ناوەوە بۆیە ئێستا خەریکی ئەوەین جەماوەری کورد لە ناوەوەدا رێک بخەینەوە و ئامادەیان بکەین بۆ پێشوازیکردن لە هەر پێشهاتێکی تازە، بۆ ئەو مەبەستەش خەریکی دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانین کە بەشێکی زۆری لە کارەکانی بەڕێوە چووە و پەخشی ئەزموونی دەستی پێکردووە و ئەگەر هیچ گیروگرفتێکی تەکنیکی نەیەتە پێشەوە لە ماوەیەکی نزیکدا پەخشی ئاسایی دەست پێ دەکات، هەڵبەت مەبەستی سەرەکییش لە دامەزراندنی ئەو کەناڵە ئاسمانییە، ئەوەیە کە ببێتە پردێک لەنێوان ئێمە و کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە ناوەوەی وڵاتدا، هەروەها دەمانەوێت ببێتە مینبەرێک بۆ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی تا سیاسەتەکانی زیاتر بە گەلانی ئێران ئاشنا بکات، وەکو خۆشتان دەزانن چەندین ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پروپاگەندەکانی میدیاکانییەوە هێرشی بەردەوامی هەیە لەسەر لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران، کە هیچ دەروازەیەکی وایان نەبووە رووبەڕووی ئەو ئاڵەتە ئیعلامییە گەورەیەی رژێمی ئیسلامی ببنەوە. بۆیە بوونی ئەو کەناڵە هەنگاوێکی زۆر باشە بۆ پێشەوەچوونی خەباتی رەوای گەلەکەمان. ئەوە جگە لەوەی کە نوێنەرانی حزب لە هەندێ وڵاتانی دونیاشدا کاری دیبلۆماسی و سیاسیی خۆیان دەکەن وەکو ئەمریکا و فەرەنسا و ئەڵمان و بریتانیا.

### دوکتور قاسملو فەرمووی: "ئەگەر رۆژێك هەموو بەشەکانی کوردستان یەك بگرنەوە، ئەوە یەکگرتنەوەیە جوداییخوازی نییە!"

*پ. جەنابت باسی کاری دیبلۆماسی و ئیعلامیت کرد، بەڵام باسی هەنگاوە سیاسییەکانت نەکرد، ئایا هیچ پەیوەندییەکتان لەگەڵ ئەمریکادا*

*دامەزراندووە کە ئەو زیاتر پەرۆشی گۆڕانە لە ئێراندا؟*
و. پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەمریکادا ئاساییە، بەڵام نەچۆتە پێش، ئەمریکا ئەجندای خۆی هەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام تا ئێستا هیچ سیاسەتێکی ڕوونی بەرامبەر بە ئێران ئاشکرا نەکردووە، ڕەنگە چەندین سیناریۆیان هەبێت بۆ گۆڕان لە ئێراندا، بەڵام تا ئێستا ئاشکرایان نەکردووە. کاتی خۆی من و کاک عەبدوڵلای حەسەنزادە، سەردانی ئەمریکامان کرد و چەند کەسانێکمان لەوێ بینی، بەڵام ئێمە لە ئاستی ئەم جۆرە پەیوەندییە ڕازی نین. ئێمە پێمان وایە ئەو شێوە گۆڕانەی لە عیراقدا کرا بۆ گۆڕینی ڕژیمی سەددام، ڕەنگە بۆ وڵاتی ئێران گونجاو نەبێت، بۆیە پێمان

**"ئەو هەرا و هەڵلایەی ئێستاشیان لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکە، هەوڵێکە بۆ مەشغولکردنی میللەتانی ناوەوە و لەبیربردنەوەی قەیرانە توندەکانی ناوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران."**

باشە بیر لە ئەلتەرناتیفی تر بکەنەوە لە سەرووشیانەوە هاوکاریکردنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە شێوەی مادی و مەعنەوی تا ئەوان گۆڕانەکە بێننە دی. ئەمڕۆ لە ناوەوە نارەزاییەکی توند هەیە بەرامبەر بە ڕژیمی ئێران، ڕۆژانە خەڵک دەڕژێنە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان ساز دەکەن، ئێستا من لێرە لەگەڵت دانیشتووم کرێکارانی کۆمپانیایەک لە تاران بۆ بیستەمین ڕۆژە مانیان گرتووە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گیانی نارەزایی بەرزتر دەبێت لەناو خەڵکی ئێراندا، ڕۆژانە خەڵک شەهید دەبێت بە دەست هێزەکانی حکوومەتی ئێرانەوە.
*پ. لەکاتێکدا دونیا بە گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ سەر ئێران مەشغوولە، ئێستا باس لەوە دەکرێت گوایە بەڕێز مام جەلال سەرۆکی عیراق، داوای لە ئێوە کردبێت هیچ جۆرە چالاکییەکی عەسکەری دژی ئێران لە خاکی کوردستانەوە نەکەن؟*
و. ئەمە وا نییە، حکوومەتی عیراق خۆی دەمێکە ئەو داوایەی لە ئێمە کردووە پێش بوونی بەڕێز مام جەلال بە سەرکۆماری عیراق. ئێمە خۆشمان هیچ جۆرە چالاکییەکی عەسکەریمان نییە لەوەتەی لە کوردستانی عیراقدا نیشتەجێین، چونکە نامانەوێت کێشە و گیروگرفت بۆ برایانی خۆمان لێرە دروست بکەین. ئێمە ئاگامان لەو دەخالەتانە هەیە کە کۆماری ئیسلامی



لە باشووری عیراقدا دەیکات و چ کێشەیەکی بۆ خەڵکی ئەوێ ناوەتەوە، بۆیە قەت وا ناکەین لێرەش ئەو دەخالەتە بە سەبەبی ئێمە بیکات.

*پ. کاک مستەفا لەسەر ئاستی حزبی دیموکراتدا دەنگۆی ئەوە هەیە گوایە چەند باڵێک لەناو حزبدا دروست بووە. دەمانەوێت ڕاشکاوانە هەقیقەتی ئەو باڵ و باڵکارییەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟*
و. دیارە پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بکەم کە حزبی دیموکرات هەر لەسەرەتاوە باڵی جیا جیای تێدا هەبووە، سەرنج بدە زەمانێک ئەحمەد تۆفیق باڵێکی لەناو حزبدا دروست کرد، دوای ئەو لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە تازە ئاشکرا بوو، لە حزبی دیموکراتدا باڵێک دروست بوو کە سەر بە حزبی توودە بوو. هەڵبەت ئەوان جودا بوونەوە، وەکو کادیرانی بلووریان و نێوی خۆیان نا پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم، بە دوای ئەوانیش باڵێکی دیکە لەناو حزبدا پەیدا بوو، ئەویش کە دیتمان هێندێ لەو هاوریانەمان جودا بوونەوە و حیزبیکی تازەیان پێکهێنا بە نێوی حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ. دواییش توانیمان لە ڕێگەی موزاکەراتەوە جارێکی دیکە یەک بگرینەوە. ئێستاش لەنێو حزبی دیموکراتدا ڕەنگە کەسانێک هەبن فکریان جیاواز بێت لەگەڵ کەسانی تری ناو حزبەکە، ئەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەنێو حزبی دیموکراتدا ئازادی هەیە، یاخود بڵێین ئەوەی لە سەرکردایەتی هەڵنەبژێردراوە دەتوانێت قسەی خۆی بکات، لەدوای کۆنگرەی سێیەم، ئاڵوگۆڕێک لە حزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتە پێشێ ئەویش ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بوو، هێندی لەو هاوڕێیانەمان کە لە دەسەڵات نەمان بە بڕیاری کۆنگرە، بە دەلایلێک کە پێویست بکات دەچمە سەریان، ئەوانە لە ئەنجامی سەرنەکەوتنیان لە هەڵبژاردندا نارازی بوون لە حزبی دیموکرات، ئێستاش ڕێزیان بۆ ئێمە هەیە، ئەگەر لە کۆنگرەی داهاتوودا ئەوان توانیان دەسەڵات بگرنەوە دەست، ئەو کاتە ڕەنگە ئۆپۆزسیۆنێکی تر یا باڵێکی تر لەناو حزبدا دروست ببێتەوە.

*پ. کەواتە بوونی چەندین باڵی جیا لەناو یەک حزبدا تۆ بە کارێکی ئیجابی دەزانیت؟*
و. بەڵی من بە شتێکی ئیجابی دەزانم.

*پ. ئەی لەوە ناترسیت ئەو پەرشوبڵاوییە لەناو حزبدا ڕەنگدانەوەی خراپی هەبێت بەسەر هەڵسووڕانی حزب و دەستێوەردانی لایەنی تر بەوەی ئاگری دووبەرەکی لەنێو هاوڕێیانتاندا خۆش بکەنەوە؟*
و. نەخێر من وای نابینم، ئەو گیانی ئۆپۆزسیۆنەی لەناو حیزبی دیموکراتدا هەیە ڕەنگە زۆر کەس نەیزانێت، بەڵام هەندێکیان کە دەیزانن هەوڵ دەدەن گەورەی بکەن وەکو کۆماری ئیسلامی کە باس لەوە دەکەن ئەوە سەرکردەکانی ناو حیزبی دیموکرات لە نێوخۆیاندا شەڕ دەکەن و خیلافاتیان هەیە، بەپێچەوانەوە من ئەو شتانە زۆر بە تەبیعی دەبینم و پێمـوایە درێژەپێدەری گیانی ئەو دیموکراتییە کە لەنێو کۆنگرەکانی حزبی دیمرکراتدا هەبووە، ئەوەش سیاسەتی ئێمە بووە لە دەفتەری سیاسیدا و لە ساڵۆنی گشتیدا.

*پ. بەڵام هەندێ کەس باس لەوە دەکەن گوایە جەنابت باڵێکت لەناو حزبدا هەیە؟*
و. ڕەنگە ئەو نێوەیان لێ نابێت، ئێمە پێش بەستنی کۆنگرە گرووهێک بووین لە ڕێبەرایەتیی حزبدا هەقی ئیعترازمان هەبوو لە شێوەی ئیدارەکردنی حزب و لە کۆبوونەوە گشتییەکان و پلینۆمەکاندا قسەی خۆمان کرد و نەزەری خۆمان داوە، زۆرینەی هاوڕێیانی حزب ئەو نەزەرەی ئێمەیان قبووڵ کردووە و دەنگیان بە ئێمە داوە، جا ئەو قسانە من کردبێتم یا برادەرێکی تری ناو گرووهەکە ئەوە گرنگ نییە، ڕەنگە ئێستا هەندێ کەس وا بڵێت کە ئەوە باڵی منە، لە واقیعدا من ئێستا هیچ باڵێکم نییە، چونکە من سکرتێری حزبم، خۆشم بە سکرتێری هەموو حزب دەزانم، چ ئەوەی لەگەڵ من بووە یا موخالفم بووە، ڕەنگە لەناو کۆمیتەی ناوەندیدا دوو بیری جیاواز هەبێت، یەکیان ئەوانەن کە بە زۆرینەی دەنگ لە کۆنگرە بردیانەوە، ئەوی تریش ئەوانە بن کە ناڕازی بوون. بەڵام هیچیان لەوانە باڵی من نین. من وەکو سکرتێری حزب هی هەموویانم، ڕەنگە پێش کۆنگرە هەوڵم دابێت ئاڵۆگۆڕێک بەسەر حزبدا بێت، بەڵام من ئێستا سکرتێری حزبم.

*پ. حزبەکەتان لە دامەزراندنیەوە قوربانییەکی زۆری داوە، ڕۆڵێکی گەورەشی هەبووە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە تا ئەمڕۆ، تێکۆشەری زۆری وەکو دوکتۆر قاسملو و شەرەفکەندی و هی تریش گیانیان لەو پێناوەدا بەخشیوە، تۆ لە بۆتەی ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی ئێستا لە دونیادا ڕوو دەدەن، هەڵسەنگاندنت چییە بۆ داهاتووی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆڵی کورد لەو گۆڕانکارییە ئیقلیمیەدا چۆن دەبینیت؟*
و. بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕەی ئێستا لە ئارادایە پێم وایە خەڵکی ئێمە لە جاران باشتر چاوی کراوەتەوە، ئەو داوایەی حزبی دیموکرات کە فیدراڵیەتە بۆ کوردستانی ئێران خەڵکی باشتر تێی دەگات، لە لایەکی تریشەوە هۆکارەکانی دەرەکی کە یارمەتیدەرن بۆ گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا بە قازانجی کورد لە هەموو بەشەکاندا دەڕوات، یەک لەوانەش کوردستانی ئێرانە، ئێستا زۆر لە ڕابردوو گەشبینترین بەوەی کە ئەو ویست و داخوازییانەی میللەتەکەمان بۆی تێکۆشاوە بێنینە دی، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەو ویست و ئاواتانەمان بە ڕۆژێک و مانگێک و ساڵێک دێنە دی، ئێمە موبارەزەیەکی دوورودرێژمان لە پێشە، ئەگەرچی ئێستا ئاسۆیەکە ڕوونترە لەوەی ڕابردوومان.

**"ئێمە خۆشمان هیچ جۆرە چالاکییەکی عەسکەریمان نییە لەوەتەی لە کوردستانی عیراقدا نیشتەجێین، چونکە نامانەوێت کێشە و گیروگرفت بۆ برایانی خۆمان لێرە دروست بکەین. ئێمە ئاگامان لەو دەخالەتانە هەیە کە کۆماری ئیسلامی لە باشووری عیراقدا دەیکات و چ کێشەیەکی بۆ خەڵکی ئەوێ ناوەتەوە، بۆیە قەت وا ناکەین لێرەش ئەو دەخالەتە بە سەبەبی ئێمە بیکات."**

*پ. جەنابت باسی فیدراڵی دەکەیت، لێرەش لە کوردستانی عیراقدا بزووتنەوەی ریفراندۆم داوای سەربەخۆیی دەکەن، بە لاتانەوە سەیر نییە لە کوردستانی عیراقدا بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە هەبێت داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان بکات، لەکاتێکدا ئێوە کە خاوەن یەکەم کۆماری کوردستان بوونە، ئێستا دەگەڕێنەوە سەر فیدراڵی؟*
و. ئەگەر ڕاستییەکەت دەوێت من ناتوانم بڵێم کە لە کوردستانی ئێراندا کەسانێک نین حەز بە سەربەخۆیی نەکەن، تەنانەت لە کوردستانی ئێراندا هەندێ حیزبیش هەن سەربەخۆییخوازن. ئەوەی جەنابت دەفەرموویت داوای سەربەخۆیی داوایەکی ڕەوای میللەتی کوردە، ئێمە کوردستانەکەمان دابەش بووە، مافی خۆمانە سەربەخۆ بین، شەهید قاسملو قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێت: لە بەرامبەر ئەو هێرش و تەبلیغاتی جمهووریی ئیسلامیی ئێران کە دەیانکردە سەر حزبی دیموکرات بەوەی جوداخوازە، دوکتور قاسملو فەرمووی ئەگەر ڕۆژێک هەموو بەشەکانی کوردستان یەک بگرنەوە، ئەوە یەکگرتنەوەیە جوداییخوازی نییە، ئێمە ئێستا جودا بووینەتەوە. جا بۆیە هەر کوردێک لە هەر بەشێکی کوردستانی دابەشکراوادا ویستی یەک بگرێتەوە لە چوارچێوەی سەربەخۆییدا، ئەوە بە ویستێکی زۆر ڕەوای دەزانم. بەڵام مەسەلە لێرە ئەوەیە ئایا ئێمەی کورد دەتوانین بە هێز و بازووی خۆمان حکوومەتێکی یەکگرتووی لەو بابەتە پێک بهێنین، ئایا لە دنیادا هێزێکی وا کاریگەر هەیە کە بتوانێت یارمەتیی میللەتی کورد بدات تا ئیستقلالی خۆی بە دەست بهێنێت. زاهیرەن نایبینین، بۆیە وەختێ دەچینە ناو سیاسەتەوە، فەرق هەیە لەنێوان سیاسەتی واقیعبینانە و ویست و داخوازیی خەڵک، کە دەچیتە ناو سیاسەتەوە دەبێت واقیع ببینیت، دەڵێن سیاسەت فەنی مومکینە، ئەگەر کورد لە کوردستانی عیراقدا بتوانێت سەربەخۆ بێت، توخوا مام جەلال و کاک مەسعود دەچن ئەو هەموو شەڕ و کێشەیە لەگەڵ عەرەبدا بکەن؟

*پ. بەڵام کاک مستەفا کوردی عیراق تەجرەبەیەکی زۆر بەپیت و درێژی هەیە لە سیاسەت و بەڕێوەبردندا؟*
پ. بەڵێ، ڕەنگە وابێت، بەڵام من گومانم لەوەش هەیە، من پێم وایە نە کاک مەسعود و نە مام جەلال وا نین دڵیان لە خەڵکی تر کەمتر بسووتێت بۆ سەربەخۆبوون، لەو برادەرانەی بزووتنەوەی ریفراندۆمیش کەمتر پەرۆشی سەربەخۆیی کورد بن. بەڵام ئەوان چونکە هێزەکەی خۆیان دەبینن لە بەرامبەر هێزەکانی دەرەوە و ئیقلیمدا، دەبێت سیاسەتەکانی خۆیان واقیعتر بێت لەوانی تر.

دیداری دیندار زێباری ڕێکخەری نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کاروبارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستان

# دیندار زێباری: هەر کوردێك ببێتە باڵوێز لە وڵاتێکدا نوێنەرایەتیی حکوومەتی عیراق دەکات، نەك نوێنەرایەتیی کورد

مەڵبەند

مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد ـ لەندەن ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٢٢ لە هۆڵی (Council Chamber)ی کینزنگتن تاونهۆڵ، کۆڕێکی بۆ بەڕێز (دیندار زێباری)ی ڕێکخەری نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کاروبارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە کوردستان، کە کەرکووک و موسڵیش دەگرێتە خۆی، لەژێر ناونیشانی " لە داهاتوودا سەروەری لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟" ساز کرد.

**نێوەڕۆکی کۆڕەکە بریتیی بوو لەم تەوەرانە:**

١– ئێستا پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە و لە داهاتووشدا پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بە کوێ دەگات؟
٢– لەنێوان بڕیاری ناوخۆ و دەرەوەدا، تایبەتمەندییەکانی کوردستان لە ڕووی ئاوەدانکردنەوەوە، چین!
٣– ئێستا تواناکانی حکوومەتی هەرێم لە چ ئاستێکدان؟
٤– پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداد چۆن بەڕێوە دەچێت؟
٥– پاش دەستووری نوێ و دروستبوونی حکوومەتی نوێی عیراق، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات؟

بەڕێز دیندار زێباری، یەکەم کەسە کە پێش ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەردوو حکوومەتی هەرێم لە سەرەتای ئەم ساڵدا، لە مانگی ٥ی ٢٠٠٥ بە ڕەزامەندیی سەرکردایەتیی هەردوو حیزب و هەردوو ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم پۆستەی پێسپێردراوە.
پێش ئەوەی بچینە ناو ئەو قەیرانەی لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتەکەی بەغدادا هەیە، سەبارەت بە ئاکامی دواگەشتە سەرکەوتووەکەی ئەمجارەیان بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپا و هەندێ لایەنی تری بارودۆخی کوردستان و عیراق، «مەڵبەند» ئەم دیدارەی لەگەڵ ساز کرد:



دیندار زێباری

مەڵبەند: سەرەتا دەمانەوێت تیشکێک بخەیتە سەر گەشتی ئەم دواییەتان بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپایی.
دیندار زێباری: مەبەست لەم گەشتە کە چەند وڵاتێکی ئەوروپایی گرتەوە وەکو بریتانیا، فرەنسا، ئیتالیا و سویسرا چەند خاڵێکی سەرەکی بوو. یەکەم وەکو ئاشکرایە بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای ئەوەی ئۆفیسی ڕێکخەری کاروبارەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا دانا، زۆربەی وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێم لە ئامادەییەکی تەواودان بۆ پێشوازیکردن لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستان، چونکە ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ گواستنەوەی بەشێک لە ستافەکەیان لە عیراق بۆ هەولێر، کە ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد، بۆ یەکەمجارە لە مێژووی ناوچەکەدا وجودێکی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستاندا هەبێت، خاڵی دووەمیش، خۆتان دەزانن زۆربەی ئاژانسەکانی (یو ئین) تا ئێستا مامەڵەیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا لە چوارچێوەی عیراقدا بووە، ئەوەش کێشەیەکی زۆری بۆ ئێمە دروست کردووە، بۆیە هەوڵمان داوە، کە ئەو ئاژانسانە لەمەولا تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان لەبەر چاو بگرن بە شێوەیەک کە حکوومەتی داهاتووی کوردستان، لە یارمەتیی وڵاتە کۆمەکبەخشەکان بێبەش نەکرێت، دیسان باسمان لەگەڵ ئاژانسەکان کردووە کە لەمەولا پەیوەندی لەنێوان حکوومەتی هەرێم و نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە بواری فەرهەنگی، ئەکادیمی، زانستی و تەندروستیدا بێت، بۆ ئەوەی بتوانین ژێرخانێکی باش و پتەو بۆ هەرێمەکەمان بێنینە کایەوە، هەر لەو گەشتەدا پیشنیارمان کرد ئۆفیسی هەندێ لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستانیش بکرێنەوە کە ئێستا تەنیا لە بەغدا هەن، وەکو ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و ئاژانسی وزەی ئەتۆم و یونسکو و ڕێکخراوی پیشەسازیی نێودەوڵەتی، بەڵێنیان پێ داین کە لە

کردنەوەی ئۆفیسەکاندا ئەو لایەنەش لەبەر چاو بگرن، لە لایەکی تریشەوە بە نیسبەت ئێمەوە گرنگترین بوار کە دەبێت بایەخێکی زۆری پێ بدەین بواری ژێرخانی کشتوکاڵییە لە کوردستاندا، ئەو بوارەش بەشی سەرەکیی بەرنامەی حکوومەتی هەرێمی داهاتووە، کە بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، ئەوەش پێمانوایە پێویستی بە هاوکاری و یارمەتییەکانی نێودەوڵەتی هەبێت، دیسان لەو گەشتەدا قسەمان لەگەڵ ئاژانسەکان کرد و پێمان وتن، ڕاستە ئێوە ئیعتراف بە حکوومەتی عیراق دەکەن و کارەکانتان لە حکوومەتی عیراقدا هەبێت، نەبووە تا ئەم لەحزەیەش. لێرەشدا هەندێ تێبینی خۆم هەیە کە دەمەوێت بە جورئەت و ڕاشکاوییەوە بیڵێم، ئەویش ئەوەیە کە لەو سەفەرە تێگەیشتم کاتێک کە باس لە عیراق دەکرێت تەنیا باس لە ١٥ پارێزگای دەکرێت، هیچ کات باسی پارێزگاکانی کوردستان ناکەن، باسی کەرکووک و موسڵ زۆر کەمە، تەنانەت بۆ بەرنامەی کۆمەکی نێشتەجێبوون لە کەرکووک هیچ شتێک نەبووە ناشزانم بۆچی باس نەکراوە، بۆیە دەبێت لەو حکوومەتە تازەیەدا هاوئاهەنگی دروست بکەین لەگەڵ بەغدا.

و. ئێمە لە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣، سەربەخۆییەکی تەواومان هەبوو لە هەرێمی کوردستاندا، سەربەخۆیی سیاسی و دیبلۆماسی کە دیبلوماسیەتێکی دیفاکتو بوو بەڵام کارا، عیراقی ئەمڕۆش عیراقە کۆنەکە نییە، عیراقی ئەمڕۆ لەسەر ئەساسی تەوافوق دروست بووە، هەرێمی کوردستان واقیعێکە کەس ناتوانێت نکوڵی لێ بکات، عیراق پێکهاتووە لە کورد و عەرەب، کوردیش هەشتا ساڵە لەوەتەی عیراق دامەزراوە ئیدارەی خۆی بەڕێوە بردووە، چ لە ئۆپۆسزیون و چ لە حکوومەتیشدا، مەحاڵە کورد دەستبەرداری



دیندار زێباری



بەشێک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە (فۆتۆ ئەکی بابەمیری)

ڕێگەی ئەو حکوومەتەوە ئەنجام دەدەن، بەڵام ئێمە لە هەرێمدا دامودەسگای تەشریعی و تەنفیزی و قەزایی تایبەتی خۆمان هەیە، هیچ پابەند نین بە سیاسەتی بەغدا تەنیا بۆ تەنسیق نەبێت، بۆیە پێویستە تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندیکردندا لەبەر چاو بگیرێت، چونکە پێویستییەکانی خۆمان ئێمە دەستنیشانی دەکەین. پێمان وتن لە کوردستان پێویستیمان بەوە هەیە کادیرانی خۆمان پێ بگەیەنین لە هەموو بوارەکاندا ئەوەندە پەیوەست بە بەغداوە نەبین، بۆ نموونە دەبێت لە کاتی ناردنی هەر تیمێک یا وەفدێک بۆ هەر مەبەستێکی مەشقکردن و پێگەیاندن لە هەر بوارێکدا دەبێت بەشی خۆمان دیار بێت و هەر خۆشمان ئەو کەسانەی دەمانەوێ کاندید بکەین، چونکە ئێمە هەرێمێکی ئۆتۆنۆم نین، ئێمە هەرێمێکی فیدراڵین بە ئارەزووی خۆمان هاتووینەتە ناو چوارچێوەی عیراقەوە. بەهەرحاڵ لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئاگای لەو پێشکەوتنانە نییە کە کوردستان لەم چەند ساڵەدا بە خۆیەوە بینیوە، بەداخەوەش دەڵێم حکوومەتی عیراق بە وەزیرەکانی خۆشمانەوە نەیانتوانیوە تایبەتمەندیی کوردستان بە دونیای دەرەوە بناسێنن. ئەو تەنسیقەی کە پێویست بوو لەنێوان ئێمە و

*پ. ئەی ڕۆڵی باڵوێزخانەکانی عیراق چییە لە دەرەوە، نابێت ئەوان باسی کوردستان بکەن وەکو بەشێک لە عیراق؟*

هیچ ڕێنماییەک بۆ باڵوێزەکانی عیراق لە دەرەوە سەبارەت بە تایبەتمەندیی کوردستان و پێداویستەکانی نەکراوە. پێموایە ئەو هەیکەلە سیاسییەی لە عیراقدا هەیە ڕەنگدانەوەی لە دەرەوە نییە، ئێمە دەبێت کولتووری تەنسیق لەنێو خۆماندا پتەوتر بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ دونیای دەرەوەدا مامەڵە بکەین و دەسکەوتمان هەبێت. هەروەها پێویستمان بەوەیە کە لە وەزارەتی پلاندانانندا نوێنەری کوردستان هەبێت تا بتوانێت بەشی هەرێم لە کۆمەکە نێودەوڵەتییەکان بە دەست بهێنێت.

*پ. باس لە تایبەتمەندیی کوردستان دەکەیت و ڕەخنەش دەگریت لە نەبوونی تەنسیقیک لەنێوان ئێوە و حکوومەتی مەرکەزیدا، بەڵام بیرتان نەچێت زۆربەی لایەنە عیراقییەکان ڕەخنەیەکی توند لە ئێوە دەگرن تەنیا لەسەر ئەوەی دەتانەوێت وەزارەتێک لە حکوومەتی کوردستاندا هەبێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری دەرەوەی هەرێم، جگە لەوەش ڕەخنەیان لەسەر بوونی نوێنەری کوردیش لە باڵوێزخانەکانی عیراق، لە دەرەوە، هەیە؟*

نوێنەرایەتیی خۆی بێت لە دەرەوەی وڵاتدا، چونکە تاکە زەمانەتی بوونی کورد و مانەوەی حاڵەتی ئەمن و ئاسایشی ناوخۆی بەندە بەو نوێنەرایەتییەوە، خاڵی دووەم، ئێمە جالییەکی کوردی گەورەمان لە دەرەوەی وڵاتدا هەیە کە لە کولتوور و فەرهەنگی عەرەب هیچ شتێک نازانن، کێ نوێنەرایەتیی ئەوانە دەکات، مەجبوورین ئێمە خۆمان نوێنەرایەتیی ئەوانە بکەین، بە هەزارەها کەسی کوردمان هەیە لە دەیان بواری پسپۆڕیدا، دەیان کۆمپانیا لە دونیادا هەن کە کورد بەڕێوەیان دەبەن، حەزیان لێیە بێن لە وڵاتەکەی خۆیاندا پرۆژە بکەن، کێ ئەمانە بە خۆوە دەگرێت، ئێمە مەجبور نین ئەو هەلە مێژووییە لە کیس خۆمانی بدەین، ئێمە نوێنەرایەتیی خۆمان لە دەرەوەدا بەردەوام دەبێت، پێداویستەکانی خۆمان ئێمە دەیزانین بەغدا نایزانێت، کاتژمێری کورد بەرەودواوە ناگەڕێتەوە بەڵکو بەرەوپێشەوە دەڕوات.

*پ. بەڵام ئێوە بەشێکی دیاریکراوتان هەیە لە نوێنەرایەتیی عیراق لە دونیای دەرەوەدا وەکو لە چەندین باڵویزخانەکانی عیراقدا هەیە؟*

و. نەخێر. شۆڕشی کورد بەو هەموو قوربانییانەی داویەتی هەر لە کوشتوبڕی بەکۆمەڵ و ئەنفال و کیمیاباران و دەیان

مەرگەساتی تر، بۆ ئەوە نەبووە حەوت باڵویزمان هەبێت لە وڵاتانی دەرەوەدا. هەر لە دامەزراندنی عیراقەوە کورد ئەندامپەرلەمانی هەبووە، پیاوی دەوڵەتی هەبووە، دەیان و سەدان ئەفسەری پایەبەرزی هەبووە، کێشەی کورد بوونی چەند ئەندامپەرلەمان نەبووە، کێشەی کورد شەخسی نەبووە، کێشەی میللەتێکە، ئێمە حەزمان لێیە نوێنەرایەتیی خۆمان هەبێت، دەستوورمان هەبێت دامودەسگای مەدەنیی خۆمان هەبێت، هەر کوردێک ببێتە باڵوێز لە وڵاتێکدا نوێنەرایەتیی حکوومەتی عیراق دەکات نەک نوێنەرایەتیی کورد، ئەوە چەند ساڵە نەمانتوانیوە تەنانەت تەنسیقێک لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغدا دروست بکەین، ئەو وەزیرە عەرەبەی دەچێتە ڕۆما نوێنەری حکوومەتی عیراقە هیچ ئاگایەکی لە کوردستان نییە. ئەگەر بمانەوێت تەنسیق لەگەڵ بەغدا دروست بکەین، باوەڕ ناکەم تا پانزەساڵی تریش بتوانین لەسەر ئاستێکی باشدا دروستی بکەین. لە عیراق سەدان بیروبۆچوونی جیا جیا هەیە، ئێمە ناتوانین چارەنووسی خۆمان بخەینە بەر دەستی وەزعێک کە تاکو ئێستا تەمومژاوییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە شەریکین لە پرۆسە سیاسییەکە، ئەگەرچی سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەش تەنیا لە ئەستۆی ئێمەدا نییە.

پ. *هەر لەمیانی نەبوونی تەنسیقی نێوان هەرێم و حکوومەتی بەغدادا، هەست دەکەین ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤانەی هەبێت بۆ سەر کوردستان بەتایبەتیش لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوەدا، ئێوە چی دەکەن بۆ ئەوەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە بەردەوام بێت؟*

و. بەڕاستی ئەو کۆمەکە نێودەوڵەتییانەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عیراق بڕیاریان لەسەر دراوە تا ئێستا ٨٠٪ جێبەجی نەکراوە، جا ئەوەش چەندین هۆی هەیە بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە لایەنی ئەمن و ئاسایشەوە، ئێمە لە کوردستاندا وەزعێکی ئەمنی باشمان هەیە، هۆکاری سەرەکیی دامەزراندنی ئۆفیسی ڕێکخەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستانیشدا بۆ ئەوە بووە کە پێیان بڵێین وەرن بۆ کوردستان کە وەزعە ئەمنییەکەی باشترە و پرۆژەکانی ئاوەدانکرنەوە دەست پێ بکەن، بەڵام پێموایە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش فەرق و جیاوازی دەکات لەنێوان ئێمە و بەغدادا، من ڕەخنەی زۆرم لە وڵاتە کۆمەکبەخشەکان گرتووە، هەروەها لە سیستەمی ئاوەدانکردنەوەی عیراق، پێموایە ناعەدالەتییەک هەیە لەو بوارەدا. پێمان وتون لە کوردستان و باشووری عیراقدا وەزعە ئەمنییەکە سەقامگیرترە، وەرن پرۆژەکان دەست پێ بکەن، بەڵام پرۆژەی بچووک نەبێت، دەبێت پرۆژەی زیندووکردنەوەی ژێرخانی ئابووری بێت. نابێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوەڕێی ئەوە بێت کەی ناوچەی سەوزی بەغدا ئەمن و ئەمانی هەبێت، ئەوسا بێن لە کوردستان ئیش بکەن. ئەمە هەڵەیە و ئەگەر ئەوە بۆچوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت لە عیراق، ئەوە بێگومان نوشست دەهێنێت.

پ. *هەر لەو چوارچێوەیەدا، کوردستان ئەمڕۆ بە وەزعێکی زۆر نالەباردا تێدەپەڕێت، بەتایبەتیش لە بواری گوزەران و خزمەتگوزارییەکانی وەکو نەبوونی کارەبا و سووتەمەنی و پرۆژەکانی تر، ساڵانی پێش ڕووخانی سەدامیش ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری باشیان لە کوردستاندا دەکرد کە ئێستا هیچیان نەماون، ئێوە وەکو ڕێکخەری یو ئێن هەوڵتان داوە ئەو ئاژانسانە بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانی خۆیان؟*

و. لەپاش شەڕی ڕزگاریی عیراق، ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان چالاکییەکانی خۆیان لە عیراقدا وەستاند، سێ ساڵیشە هیچان بۆ نەکراوە، بە هۆی گیروگرفتە ئەمنییەکانەوە، وەکو دەزانن بارەگاکانیان لە بەغدا تەقێنرانەوە و نوێنەریان کوژرا، ئێمەش ئەوە سێ ساڵە بە ڕاسپاردەی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵیان داوە کە بگەڕێنەوە، پێمان وتوون کە کوردستان ئێستا ئارامە و دەتوانن بێن لێرەوە کارەکانی خۆتان بکەن. ئەو ستافەی ئاژانسەکان کە پێشتریش لە کوردستاندا بوون، هەموویان لەسەر کارەکانی خۆیاندا بەردەوام بوون، ئەوە هەشت مانگیشە خەریکی ئەوەین کە بارەگایەکی گەورەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێری پایتەخت بکەینەوە، ڕەزامەندیمان وەرگرتوون و ئێستا وا خەریکین بەم نزیکانە ئەو کارانە تەواو بکەین و نیاز وایە هێزیکی وڵاتی فیجی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بێنە ئێرە بۆ پاراستنی ئەو بارەگایە و ئێمە خۆشمان هاوکارییەکی باشیان لەگەڵدا دەکەین.

پ. *یەکگرتنەوەی حکوومەتی هەرێم چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر کاری ڕێکخەری یو ئێن لە کوردستاندا؟*

و. بێگومان یەکگرتنەوەی حکوومەتی هەرێم گەورەترین سەرکەوتنە بۆ پاڵپشتی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا، ئەوەش یەکەمین هەنگاوی عەمەلییە بۆ بەرەوپیشەوەچوونی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دونیای دەرەوەدا، هەنگاوێکی تریشە بۆ وەرگرتنی یارمەتیی نێودەوڵەتی.

پ. *لە قسەکانت ڕەخنەت لە وەزارەتی پلاندانانی عیراق گرت، ئەوەش لەکاتێکدا کە وەزیرەکەی کوردە، ئێوە دەڵێن گوایە وەزارەتی پلاندانان هاوکاریتان ناکات، کەواتە خەتاکە لە خۆتانە؟*

و. من ڕەخنەم لە خودی وەزیرەکە نییە، من ڕەخنەم لە عەقڵیەتی بەڕیوەبردنی حکوومەتی عیراقە، نەک شەخسی وەزیرەکان. بۆ ئاگاداریشتان دکتور بەرهەم ساڵح یەکێکە لە وەزیرە هەرە سەرکەوتووەکان چ لەسەر ئاستی عیراق و چ لە ئاستی دەرەوەدا، ئەو پیاوەش زۆر پەرۆشی کوردستانەکەی خۆیەتی، ئێمە سەربڵندین بە ڕۆڵی کاک بەرهەم، من ڕەخنەم لە ئەو نییە، ڕەخنەم لە عەقڵییەتی هەندێ کەسانی ناو حکوومەتی عیراقە کە هەشتا ساڵە بە تاکڕەویی حوکم بەڕێوە دەبەن. ئێمە تووشی پرۆسەیەک هاتووین کە لەسەر وەرەقە بە دوو ڕۆژ گۆڕانەکە کرا، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ نەکراوە، هێشتا ناسنامەی تەواوی عیراق دیار نییە، بۆیە ئێمە دەستبەرداری پەیوەندییەکانمان نابین لەگەڵ دونیای دەرەوەدا، پێموایە بوونی هەرێمێکی بەهێز لە عیراقدا کە هەرێمی کوردستانە، واتە بوونی پێشکەوتن لە بەشێکی عیراقدا، لە زۆربەی وڵاتانی دونیاشدا بوونی هەرێمی فیدراڵیی بەهێز یارمەتیی بەهێزبوونی ناوەندیش دەدات.

پ. *ئێستا لە بەغدا وتووێژێکی چڕوپڕ دەکرێت بۆ دامەزراندنی حکوومەتی تازەی عیراق، پێتوایە ئەو پەیوەندییە خراپەی ئێستای ئێوە لەگەڵ ناوەندا بە هاتنی حکوومەتێکی تازە چارەسەر بکرێت؟*

و. پێموایە ئەوە وەختێکی زۆری دەوێت، حکوومەتی ئەمجارە ئاڵۆزترە.

پ. *لەبەرچی ئاڵۆزترە؟*

و. ئەمجارە حکوومەتەکە تەنیا ئیئتلاف و هاوپەیمانیی کوردستان نییە، ئەمجارە سوننەش بەشدارن، کێشەی ئێمەش لەسەر ئەجندای حکوومەتی داهاتووە.

پ. *هەندێ هێزی سیاسی هەیە زۆر بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنن کە دژی فیدراڵیەتن، تۆش باس لەوە دەکەیت کە پێویستیتان زیاتر بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانتانە، چۆن دەکرێت ئەم دوو دژە بیرویۆچوونە بگەنە یەک؟*

و. هەرێمی کوردستان ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نییە دروست بووە، هەرێمی کوردستان پێش پانزە ساڵ دروست بووە، هەرێمی کوردستان هێزێکی هەیە کە دووەم هێز بووە لە پرۆسەی ڕزگارکردنی عیراقدا، ئێمە و ئەمریکا پێکەوە کارمان بۆ عیراق کردووە، پێکەوەش کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەکەین، ئێمە تەنازولمان لە زۆر دەسەڵاتی خۆمان کردووە، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆمان بچینە ناو چوارچێوەی عیراقەوە، هیچ هێزیک لە دونیا نییە بتوانێت بەزۆرەملی بمانکاتە بەشێک لە عیراق، ئێمە بە ئارەزووی خۆمان هاتینە ناو پرۆسەی سیاسیی عیراقەوە، مەسەلەی فیدراڵییش مەسەلەیەک نییە باسی لێوە بکرێت، چونکە بەلای ئێمەوە فیدراڵیەت واتای مانەوەمانە لەناو نەخشەی عیراقدا.